www.kurdistannet.org
2-11-2005 13:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

chak_org@yahoo. com

# عەلی مەحمود، نموونەیەکی گەشی دەستپاکییە و چاك شانازی پێوە دەکات

لە رۆژی دووشەممە، رێکەوتی 31. 10. 2005 کەسێك لە ژێر ناوی (شێرزاد شوانی) ، بابەتێکی لە ژێر سەردێری (کاك عەلی سیاسی، دزی لوتکەی گەندەڵییە) لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت) دا، بڵاو کردووەتەوە.
لە بنەڕەتدا، نووسینەکەی ئەو بەڕێزە، هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نەدەبوو، ئەگەر لە بڕگەیەکدا ناوی (چاك) ی تێکەڵ بە بابەتەکەی نەکردایە، کە تێیدا نووسیویەتی:

> نازانم ئەوانەی لە رێکخراوی (چاک) ئەندامن، ئیتر چۆن متمانە بە عەلی سیاسی دەکەن! ئەو کە فیکر بدزێت، ئەگەری ئەوە هەیە ماددەش بدزێت. ئەو کە بە ئاشکرا دزی بکات، ئەگەری ئەوە هەیە بە نهێنیش بیکات! ئاخۆ ئەگەر عەلی سیاسی پارەیەکی زۆری بکەوێتە بەر دەست، لە دزە گەورەکانی کوردستانیش خراپتر ناکات! خۆش ئەوەیە ئەم هاوڕێیە کە توانای نووسینی رستەیەکی بەسوودی نییە، کە بە ئاشکرا دزی دەکات، دێت دەرسی رۆشنبیران دا دەدات!

بەم جۆرە، ئەو بەڕێزە لە هەوڵێکی بێهودەدا و لە پێناوی ناوزڕاندنی کاك عەلی مەحمود لە ناو (چاك) دا، بەبێ هیچ بەڵگەیەك، گومان دەخاتە سەر دەستپاکی یەکێك لە دڵسۆزترین ئەندامانی چالاکی (چاك) و کۆڵەکەیەکی سەرەکی ناوەندەکەمان.
بۆیە دەڵێین کاك عەلی مەحمود، وەك زۆرێك لە ئەندامانی دڵسۆزی (چاك) ، بەردەوام لە پێناو سەرخستنی پرۆژەکانی (چاك) و بەرەوپێشبردنی کێشەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد، لە دەمی خۆی و هاوسەر و مناڵەکانی دەگرێتەوە و دەیکاتە قورگی ئەو تەلەفۆن و فاکس و هاتوچۆیانەی بۆ (چاك) ئەنجامی دەدات، بێ ئەوەی رۆژێك لە رۆژان بیری لە قەرەبووکردنەوەیان کردبێتەوە.
کاك عەلی مەحمود، بەشێکی زۆر لە کات و توانای خۆی بۆ کێشەی ئەنفالەکان خستووەتە گەڕ و لە هەوڵی بێوچاندا بووە بۆ دابینکردنی خەرجەکانی (چاك) لە کاتی چالاکییەکان و پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفالچی و هاوکارانیان.
خۆشحاڵانە، (چاك) یەکەم و تاکە رێکخراوێکی کوردییە کە بە ئاشکرایی دارایی و خەرج و داهاتەکانی لە راگەیاندندا رادەگەیەنێت و بەم جۆرە، رێگا لە هەر جۆرە گەندەڵییەك لە داراییدا گرتووە و دەگرێت و وشەیەکی لەم بارەیەوە بۆ کەس نەهێشتووەتەوە.
بۆیە دەڵێین؛ عەلی مەحمود نموونەیەکی گەشی دەستپاکییە و چاك شانازی پێوە دەکات.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاك)
2005/11/01